ساڤایا پشتیوانیی خۆی بۆ قسەکانی ترەمپ دووپاتدەکاتەوە



نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق، پشتیوانیی خۆی بۆ قسەکانی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی عێراق، دووپات کردەوە و ڕایگەیاند: "با عێراق جارێکی تر مەزن بکەینەوە."

مارک ساڤایا، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق، بە فەرمی پشتیوانیی خۆی بۆ هەڵوەستەکەی دەناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیاند سەبارەت بە هەڵتکردنەوەی کاندیدکردنەوەی نووری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەشداریشی دەدات کە واشنتن ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی هەڵکانی ڕابردوو نادات.

ساڤایا پەیامێکی لە هێڵماری تایبەتیی خۆی، لە تێڵی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بۆ کردووە، لێژنەر سەرکردایەتیی دەناڵد ترەمپدا، کار دەکەن بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی بەهێز، دووپاتیشی کردووەتەوە کە پێسی سیاسی دەبێت لەو فیگەرانە دوور بێت کە بوونە هۆی پشێوی.

ئەم لێدوانە دوای ئەوە هات، ترەمپ لە پەیامێکیدا هەڕەشەی بەینی تەواوی هاوکارییەکانی ئەمریکای کرد ئەگەر مالیکی بگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی عێراق، بەو پێیەی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەکەی تووشی هەژاری و ناسەقامگیری کردووە.

لە کۆتاییشدا ساڤایا ستایشی هەوڵەکانی جۆو ویلسن، کۆنگرەسمانی وڵاتەکەی کرد لەم چوارچێوەیدا، جەختی لە دروشمی (با عێراق جارێکی تر مەزن بکەینەوە) کردەوە.